کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-6-2007 15:00بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لافیتەی پرسەو ... ململانێی حیزبایەتی!! ... موحسین شوانی

زۆر جارڕەنگ ونووسینی لافیتەیەك كێشەو گرفتی بۆخاوەن پرسەونزیكەكانی ناوەتەوە!ناكۆكی خستۆتە نێوان (برا، دراوسی خزم، عەشیرەت وحیزب) ەوە، هەندی جاریش شەڕو كوشتاری لێكەوتۆتەوە!!بێگومان دوای راپەڕین زۆر كەس بوونە قوربانی شەڕە پەڕۆو شەڕە رەنگ بازی (قوتابی، خوێندكار، فەرمانبەر، مامۆستا وكارگوزاری پێ دامەزراوەو فەسڵكراوە!بەڵام دوای رووخانی بەعس مۆدەیەكی تری حیزبایەتی وخۆدەرخستن لەنووسینی لافیتەكاندابەرچاودەكەوێت، بۆیە پیرەمێردێكی نەخۆش لەسەرەمەرگدا بەكوڕەكەی رادەگەیەنی: رۆڵە نەكەی دوای مردنم بمكەی بەحیزبی!كوڕەكەی بەكەس وكارونزیكەكانی دەڵی باوكم هۆشی نەماوەو تێكچووە!! بەڵام دوای وەفاتی باوكی، هاوڕێیەكی گازاندەو گلەیی لێدەكات، كەوەسیەتی باوكی بەجی نەگەیاندووە، كوڕەش بەهاوڕێیەكەی دەڵی تۆش وەكو باوكم خەریكە شێت بی! هاوڕێكەی دەڵی:نەخێرنەمن نەباوكی رەحمەتیت تێكنەچ! ووبووین، لافیتە رەنگاورەنگكەكانی بەردەرگای ماڵ ومزگەوتت نەبینی؟. ئەوە مانای حیزبایەتی باوكت بوو،

ئێستا لەكوردستانی مۆدێرن وعەلمانی ودیموكراسیدا، شەڕە لافیتە وپرسەیە، هەركە زانرا فلان كەس مردووە!! ئیدی كادیرانی حیزب دەكەونە خۆ ئەگەر مردووەكە كوڕەكەشی سەر بەحیزب نەبوو، ئەوە خزمێكی دووری دەدۆزێتەوە وسەرەخۆشی ئاراستەدەكات ولافیتەیەكی بەرەنگی حیزب دەكاتە سەرەخۆشی، زۆر جار لەبەر زۆری لافیتەكان دیواری مزگەوتەكان بەرگە ناگری، چاوی بینەرانیش تەشویش دەكات!لەم رۆژانەدا لەدووپرسەی جیاوازدا دووروودراوی سەیربینران!یەكەمیان دوای تەواوبوونی پرسەكە خاوەن مردوو لەلایەن حیزبەوە بانگ كرا، كەبۆچی لافیتەی پرسەكەتان بەرەنگی حیزبێكی ترنووسرابوو؟!گلەیی لێكراوسەركۆنەكراوبەڵێنی دائەگەر پرسەیان هەبوو دووبارەی ناكاتەوە!دوومیان:پێش نووسینی لافیتەكان خاوەن پرسە هۆشداری دا تكای كرد كە لافیتەكان تەنیا بەرەنگی سپی بنووسرێن ودیعایەی حیزبایەتی لەپرسەكەیدا نەكرێت، هەرواش دەرچوو داواكەی جی بەجی كرا، بەڵام بۆرۆژی! دووەمی پرسە، پیاوانی حیزب بی پرسی كەس وكاری خاوەن پرسەكە لافیتەی رەنگی تایبەتی حیزبی خۆیان بەدیواری مزگەوتەوە هەڵواسی و سەرەخۆشیان ئاراستەی خزمێكی دووری مردووەكە كردبوو (خزمی سەپانی شێخ) كە بووە نارەزایی خزمانی ترو مقۆمقۆی حیزبی ترو ... . ئەوە باسی بەشداری پرسەو چەند جارەی هاتن وچوونەكانیان هەرناكری!ئەی ئیش وكاری چالاكی بەشی كۆمەڵاتی چیە؟؟ بێگومان جێگەو شوێنی تایبەتیان بۆدیاریدەكرێت، یاخودهەندێك لە قورئان خوێنەكان فەرموفەرموویان لێ دەكەن وشێوازێكی تربەكاردێنن بۆپێشەكی خوێندنی (الفاتحە.. مع الصلاوات)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.